فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ژمارەیەک گوندی ناوچەی برادۆستیان کردە ئامانج

فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا شەوی هەینی (23ـی ئەیلولی 2023) ڕابردوو هێرشیان کردە سەر سنوورەکانی ناوچەی برادۆست لە باکوری ڕۆژهەڵاتی هەولێر لە هەرێمی کوردستان، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ژمارەیەک گوندی ناوچەکەیان کردە ئامانج بە بۆردومانی بەردەوام کە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند و بووە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی ناوچەکە.

دانیشتوانی ناوچەکە لە پۆستەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویانکردەوە کە هێشتا فڕۆکەکانی دەوڵەتی تورکیا بەسەر ناوچەی برادۆستدا دەفڕن.